# ئەمانە جنۆکەن یا هێزی چەکدار !

یەحیا عومەر ڕێشاوی
yreshawy@yahoo.com



لەوەتی هێزەکانی ئەمریکا وحکومەتی عێراقی کەوتوونەتە راوەدوونانی چەکدارە نەیارەکانیان وئەوانەی بە " تیرۆریست" ناوزەدیان دەکەن ،رۆژانە هەواڵی ئەوە بە گوێماندا دەدەن کە ئەم چەکدارە یاخی بووانە پاش شەڕێکی قورس روەو جێیەکی نادیار هەڵاتوون یان لە دەوروبەری پارێزگایەکی تر سەریان هەڵداوەتەوە وکەتوونەتەوە رەشەکوژی وئۆتۆمبیل تەقاندنەوە ،هاوکات بەپەخشکردنی ئەم هەواڵانە ئاماری سەیر وگەورە بە ژمارەی دەستەبەسەر و بریندار وکوژراوەکان دەدرێتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وزۆربەشیان "تیرۆریست"ی ترسناکن وسەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدەن یان ئامۆزای ئەوانن ! کەچی دیسانەوە ولەهەمان مۆڵگەی نوێ و لەجێگە نادیارەکە هەمان سیناریۆ دەست پێ دەکاتەوە وشەڕی بەرەی تیرۆر وسووتانی تەڕ ووشك لە سفرەوە دەست پێ دەکاتەوە.

ئەوەی کە مرۆڤ سەری لێ دەرناکات وبۆتە تەلیسم ئەوەیە کە داخۆ ئەم چەکدارانە چۆن چۆنی ماوەی 4 ساڵە ئەم شارەو ئەو شار دەکەن و وەك گەمەی نێوان (تۆم وجێری) بەکەماڵی ڕاحەت خەریکی تەراتێن وکۆچ وبار پێچانەوەن ،ئەمە لەحاڵێکدا بریارە هێزەکانی ئەمریکا وسوپای عێراقی رۆژ بەرۆژ شارەزاییان زیاتر بووبێت ولە راوودوونانددا بوو بنە مامۆستا و(ترێنەر) ، جگە لەوەی رەنگە ژمارەی بازگەکانی رێگە وبانەکان خۆیان لەژمارەی سەربازەکان بدەن !

سەیرتر لەهەمووی ئەوەیە کە ئەم هێزانە لەنێو شاخ وکێوەبەرزەکانی کوردستاندا ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ ناکەن ، بەڵکو لە دەشتێکی کاکی بەکاکی خواروی عێراقدان و پێ ناچێ راووکردنیان بۆ هێزیکی زەبەلاح وخاوەن تەکنۆلۆجیای وەك ئەمریکا کارێکی ئەستەم بێت . دواشوێنیش کە دەستیان پێ گەشتبێت وتۆزیك دەرفەتی خۆحەشاردنەوەیان تیایدا هەبووبێت نزیك چیاکانی حەمرین بوو ،کە ئێستە ئەوێش بۆتە مەیدانی جەنگی دژە تیرۆر وبەقسەی هێزەکانی حکومەتیش بێ ئەمانە لە رومادی بەعقوبەوە هەڵاتوون ویستویانە ئەوێ بکەنە پەناگا.

ئەم چەکدارانەی قاعیدە کە بە لێدوانی وتەبیژەکانی هێزەکانی ئەمریکا وحکومەتەکەی مالیکی بێت تا ئێستە بە سەدان یاریدەدەری یەکەمی ئەمیری (بلاد الرافدین) یان لێ کوژراوە وسەدانیشیان لێ گیراوە وهەر تەواویش نابن، چۆن ئەتوانن بەو هەموو چەك وتەقەمەنی وبەم رۆژی رۆشنایە ئەم شارو ئەو شار بکەن ولەهەرکوێ زانیان رەشەباکە توندی کردوە و جێیان پێ لێژ بووە ئازا خێوەتەکانیان دەپێچنەوە وبەشوێن هەوارگەیەکی تردا دەگەرێن !؟

حاڵەکە لە (سێ) ئەگەر بەدوور نیە: یا ئەوەتە هەموو ئەم ئەوسەر وئەوسەرە هەڵڵاو سەرقاڵکردنی ئیعلامیە ،یا ئەوەتە ئەم چەکدارانە پژاونەتە نێو خاکی عێراق ولەهەموو جێگەیەك لایەنگیر وئەندامیان هەیە ، یاخود هەر بەراستی ئەمانە هێزی راهێنراون و وەك (سوپەرمان) هیچ شتێك بەریان لێ ناگرێت و لەماوەی چرکەیەکدا دەیان (ئەبووریشە) دەکەنە پارووەیەکی ئاسان ودوا خاڵی حەساسیش کە شوێنی حەوانەی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراقە بە ئاسانی دەکەنە شوێنی تەقینەوە وئەنجامدانی چالاکی.